IOM

وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چاکسازی ماڵی خێزانە عێراقییە گەڕاوەکان دەکات: ڕێنمایی چاکسازی پەناگە بڵاو دەکاتەوە**

لە کاتی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کۆمەڵگاکانیان، ئاوارە عێراقییەکان ڕووبەڕووی گرفتێکی زۆر دەبنەوە بەهۆی قەیرانەکانی ئێستا، بریتیە لە تێکچوونی ژێرخان و ماڵ و سامان. بەردەوامبوونی نیگەرانی دەربارەی ڕێگەی گەیشتن بە خزمەتگوزاری سەرەتایی کە بریتیە لە هەبوونی ئاوی خواردنەوە، خۆراك، چاودێری تەندروستی، پەناگە و دەرفەتی دەستەبەرکردنی بژێوی.

لەکاتی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە لە شوێنە گەڕاوەکان لە ژێر دەستی داعشەوە، کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دیدەنیان کرد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گەڕاوە عێراقییەکان کە ماڵەکانیان تێکچووە و لەلای خزم و دراوسێکان نیشتەجێبوون و هەندێکیان لە ناو خێوەت لە تەنیشت ماڵیان نیشتەجێبوون.

بەهۆی تەنگانە و تێچووی ئاستی ئاوارەبوون وگەڕانەوە، تێچوی چاککردنەوەی ماڵ ڕەنگە بەربەست بێت بۆ زۆربەی خێزانەکان. تێکچوونەکە بریتیە لە ژوری سووتاو، بوونی چاڵ لە بنمیچی خانوو هەروەها ئاومان بەدەست نەدەکەوت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستییانە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چاکسازی ماڵەکانی خێزانە عێراقییە گەڕاوە زیانلێکەوتووەکان دەکات لەڕێگەی پاڵپشتی جێگری ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیی کارەساتی بیانی، بۆ ئەوەی خێزانەکان توانای هەستی دڵنیایی یان هەبێت کە بگەڕێنەوە بە شێوەیەکی یەکجارەکی بۆ شوێنیان.

پرۆژەکە چاکسازی بۆ ماڵە تێکچووەکان یاخود خاپوربووەکان دابین دەکات، بەلایەنی کەم چاکسازییەکە چاککردنەوەی ژورێك دەگرێتە خۆ، دانانی دەرگا و پەنجەرە و دامەزراندنی ئاو و ئاوەڕۆی بنچینەیی. هەڵبژاردنی خێزانەکان بەپێی بارودۆخی پەناگە و زیانلێکەوتوو دەکرێت، بەتایبەت خێزانەکان کە ئافرەت بەڕێوەبەریانە.

قۆناغی ئێستای پرۆژەکە کە لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دەستپێیکرد، چاککردنەوەی ٢٠٠ ماڵ لەخۆ دەگرێت لە دیالە هەروەها تیکریت و ئەلعالم و ئەلدور لە سەڵاحەدین کە لە نزیکەی سەدا چل لە کارەکە تەواو بووە. هاوکاری بۆ چاکسازی ماڵە تێکچووەکان بۆ خێزانە گەڕاوەکان لە گەیارەش دابین دەکرێت. پرۆژەی پێشووی جێگری ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیی کارەساتی بیانی لە ساڵی ٢٠١٦ بریتیە لە چاکسازی ٤٠٠ ماڵ لە هەمان پارێزگا کە سوودی ٢،٨٠٠ کەسی کرد.

مەروە و هەر نۆ منداڵی و نەوەکەی و بوکەکەی لە قەزای ئەلدهایمە لە پارێزگای دیالە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ ئاوارەبوون، گووتی: " پێش ئاوارەبوونمان ژیانمان زۆر خۆش و جێگیر بوو. ناوچەکەمان بە کشتوکاڵێکی دەوڵەمەندی هەبوو؛ خێزانەکەمان گەنم و شووتییان دەچاند. بەڵام بە ئوتومبیلە بچوکەکەمان هەڵاتین لە کاتی گەیشتنی گروپە چەکدارەکان وەدەستپێکردنی شەرو پێکدادن لەگەڵ سوپا، تەنها توانیمان بەتانی و جل وبەرگێکی کەم و بەڵگەنامەکان وخۆراکی بەشی دوو ڕۆژان لەگەڵ خۆمان بهێنین".

" چەند خانوێکمان بەکرێ گرت لەکاتی ئاوارەبوون، بەڵام بەزۆری دەبوایە بار بکەین لە ماڵێک بۆ ماڵێکی تر کە گشت ماڵەکان باڵەخانایەکی تەواو نەکراوە بوو و بێ دەرگا و پەنجەرە بوو. ئوتومبیلەکەمان فرۆشت بۆ دابین کردنی پارە بۆ پێداویستیە سەرەتاییەکان کە بریتیە لە خۆراك و جلو بەرگ و جێگەی نیشتەجێبوون".

" تا پێشی ئەیلولی ٢٠١٦ هەستی دڵنیابوونمان نەبوو بۆ گەڕانەوەمان بۆ گوندی خۆمان. ماڵەکەمان سووتا بوو بەڵام دەبوایە لە ماڵەکە بمێنین چوونکە هەڵبژاردەیەکی ترمان نەبوو. چی تر ئامرازی کشتوکاڵمان پێ نەما، بۆیە کورە گەورەکەم پلانی کردنەوەی دوکانێکی هەیە لە نزیکی ماڵ، بەڵام ئێستا وەک کارمەندێک بەڕۆژانە کار دەکات هەر کاتێ دەرفەتی کارکردنی بۆ پەیدا بێت، منداڵەکانی ترم تاکو ئێستا دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ خوێندن پەیدا نەبووە".

IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

" ئێمە توانای نوێکردنەوەمان نەبوو، بەڵام ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ حەمام و دیوەخانمانی بۆ نوێ کردەوە. ئەم دیوەخانەی نوێکراوەتەوە ئێمەی بەسەلامەت دەهێڵێتەوە".

سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق تۆماس لۆسەر ڤەیس گوتی: " بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گەڕانەوە لە عێراقدا، فراوان کردن و پارەدان بۆ هاوکاری گەڕاوەکان زۆر گرنگە و بەتایبەت پەناگاکان کە پێشینەی سەرەکییە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دڵخۆشە کە پاڵپشتی هەزاران لە خێزانە عێراقییەکان دەکات لەڕێگەی پاڵپشتی پەناگاکان بە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق و پارە بەخشەکان بۆ بەرفراوانکردن و پاڵپشتی کردنی گەڕانەوەیەکی بەردەوامی درێژ خایەن".

پرۆژەی جێگری ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیی کارەساتی بیانی بریتیە لە پەرەپێدانی پەناگاکان بۆ هاوکاری خێزانە ئاوارەکان کە لە باڵەخانانەی تەوا نەکراو، قوتابخانە، باڵەخانانەی ئاینی و پەناگە هەستیارەکان دەژین. لەساڵی ٢٠١٦وە زیاتر لە ٧٠٠ خێزان لە پارێزگاکانی بەغدا و نەجەف و کەربەلا و بابل و قادسیە هەروەها واست سوودیان کرد لە کارکردن و پەرەپێدانی چاکسازی باری ناکاو کە لەلایەن بەڵێندەرەکان و کارمەندانی ڕێکخراوەکە جێبەجێکراوە. قۆناغی ٢٠١٧ی ئەم پرۆژەیە، هاوکاری زیاتر لە ٦٠٠ خێزان دەکات کە لە پەناگەی هەستیار نیشتەجێبوون.

ڕێگەکان بۆ ئەم نوێکردنەوانە لە بڵاوکراوە تازەکانی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کۆکراوەتەوە، "چاکسازی، چاککردنەوە و پەرەپێدانی پەناگەی هەستیار و ماڵە تێکچووەکان". تکایە کلیک بکە بۆ دابەزاندنی ئەم نامیلکەیە:

...http://iomiraq.net/reports/rehabilitating-repairing-and-upgrading-critic

لە ئەنجامی بوونی ئەزموونی کرداری، ئامانجی ئەم نامێلکەیە پێشکەش کردنی ڕێنماییی پەناگە هەنگاو-بە-هەنگاو دەربارەی چاککردنەوە و پەرەپێدانی پەناگەی هەستیار و خانووە تێکچووەکان. زانیاریەکان ئاڕاستە دەکرێت لە کۆمەڵگەی یارمەتیی مرۆیی، ئەندامانی کۆمەڵگەی ئاوارەکان و لیژنەی کارکردنی تەکنیکی کامپ.

ئەم تێکستە ڕێنماییی پەرەپێدان دابین دەکات کە پێویستە بۆ پەناگەی هەستیار، بریتیە لە بەشەکانی دیواری ناوەوە، چاککردنەوەی بنمیچ و سەلامەتی کارەبا. ڕێنماییی چاکسازی بۆ ماڵە تێکچووەکان بریتیە لە: زەوویی بنمیچ و چاك کردنەوەی دیوار، سواغ دان و بۆیە کردن، وگۆرینەوەی وایەری کارەبا.

هەروەک یەك لە گەورەترین هاوبەشانی پەناگە لە عێراقدا، ڕێکخراوی نێودەوەتی کۆچ هاوکاری زیاتر لە ١٠،٠٠٠ خێزانی عێراق کرد لە ساڵی ٢٠١٦، لە ڕێگەی پاڵپشتی پەناگەکان کە بریتیە لە پێداویستی ڕێکخستنی پەناگە، ئامرازەکانی پەناگەی باری ناکاو، چاکسازی ماڵەکان و چاککردنەوەی پەناگە هەستیارەکان .

ئاوارەبوون بەردەوامە بەهۆی ئۆپەراسیۆنی موسڵ و ئاوارەبوونی ٣ ملیۆن عێراقی لەسەرتاسەری ووڵاتدا ئەگەرچی هەزاران عێراقی بڕیاری گەڕانەوەیان داوە. بەپێی داتای تۆماری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ بەدواداچوونی ئاوارەکان (گەری ٦٥) دیاریکراوە کە زیاتر لە ٣ ملیۆن عێراقی ئاوارەن و زیاتر لە ١.٥ ملیۆن عێراقی گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان لە ماوەی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ تاکو ناوەراستی شوباتی ٢٠١٧.

ژمارەی ئاستی گەڕانەوە لەسەرتاسەری پارێزگاکانی عێراقدا، بەپێی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (ژمارەی تاکە کەسەکان): لە ئەنبار (٧٠٢،٧٠٠)، سەلاحەدین (٣٧٥،٠٠٠)، دیالە (٢٠٢،١٠٠)، نەینەوا (١٨٦،٣٠٠)، بەغدا (٣١،٠٠٠)، هەولێر (٢٩،٠٠٠)، کەرکوک (٣،٤٠٠). ئەم ژمارانە رووماڵی ئاستی گەڕانەوە لە ماوەی ١٦ی شوبات دەکات، کە بەرزبوونەوەیەك دیاری دەکات بەراوردی داتای تۆماری پێشوو (ئاستی گەڕانەوە لە ماوەی ٢ی شوبات) بۆ زیاتر لە ٣٢،٧٠٠ کەس لە پارێزگای ئەنبار، ١٧،٨٠٠ کەس لە نەینەوا و ٨٠٠ کەس لە دیالە.

زیاتر لە ١٦١،٠٠٠عێراق ئاوارەبوون بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سەربازی موسڵ کە لە ١٧ی تشرینی یەکەم دەستیپێکرد. سەرجەمی نزیکەی ٢٢٤،٠٠٠ کەس بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سەربازی موسڵ ئاوارە بوون؛ لە هەمان کاتدا زیاتر لە ٦٢،٠٠٠ کەس گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان. زۆربەی ئاوارەکانی ئێستا (زیاتر لە ١٥٠،٠٠٠) لە ناو پارێزگای موسڵن.

ژمارەی ئاوارەکان بەهۆی ئۆپراسیۆنی موسڵ بەپێی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان و باری ناکاو لێرە بەدەست دەکەوێت:

http://iraqdtm.iom.int/EmergencyTracking.aspx.

دواترین راپۆرت و داتای تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لەسەر ڕەوتی ئاوارەبوون و گەڕانەوە لەسەرتاسەری عێراقدا لە وێبسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان بەدەست دەکەوێت:

http://iraqdtm.iom.int

تکایە کلیك بکە بۆ دابەزاندنی دواترین:

پەڕەی ڕاستی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان # ١٧ (٢٣ی شوبات) :

https://www.iom.int/sites/default/files/press_release/file/IOM_Iraq-DTM-...

تێڕوانینێکی خێرای تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (٢٣ی شوبات):

https://www.iom.int/sites/default/files/press_release/file/IOM_Iraq-DTM-...

لێکۆڵینەوەی ئاوارەبوونی ڕێڕەوی موسڵ تایبەتە بە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (٢٠ی شوبات):

https://www.iom.int/sites/default/files/press_release/file/IOM_Iraq-DTM-...)

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی عێراق بکە:

ساندرا بلاک، ئیمێل: sblack@iom.int ژمارەی: ٩٦٤٧٥١٢٣٤٢٥٥٠+

هاله جابر، ئیمێل: hjaberbent@iom.int، ژمارەی: ٩٦٤٧٥١٧٤٠١٦٥٤+